# ئەودەمەی ژیان = سفر



**عەفان ئەحمەد**

Efan_ehmed@yahoo.com

ئەگەر گوڵ ئەقڵی هەبوایە، قەد سەری دەرنەدەهێنا لە خاك چونكە زەمانی زەمانی دڕكە.

ئێمە چین و بۆ هەین؟ لە كوێوە هاتووین؟ چی ئەكەین؟ ئێرەكوێیە؟ لەكوێی ئێرە چی لێیە؟ ژیان لە كوێی (چی) دایە؟ ئەی باشە ئێمە لەكوێی ژیاندایین؟ ژیان بۆخۆی چیە؟ چی(چییە)لە چیەوە هاتووە؟ خاك یانی چی؟ دایك مانای چییە؟ دڵ بۆ هەیە؟ سۆز و هەست كێ خولڤاندونی؟ ئەوەی كە هەست و سۆزی خولڤاندووە "چی" "كێ" ئەوی خولڤاندووە؟ بۆ ئیستا هەیین؟ گوڵ بۆ دەڕوێ؟ دڕك بۆ دەڕوێ؟

كوردستان

لەكوێیە؟ چی لێیە؟ كێی تێدا دەژی؟ لەم كوردستانەدا چەند كوردستان هەیە؟ چەند"بۆچی" و "لەكوێ" و "نابێ" و "دەبێ بێ" ی تێدایە؟ ئەنفال و راپەڕین و هەڵەبجە و بەعس و سەدام چین؟ هەریەك لەمانە بۆخۆیان چیین؟ باشور باكور رۆژهەڵات رۆژئاوا چییە؟ بۆ چوار بەشین؟ كێ كردنی بە چوار بەش؟ بەویستی كوردان بوو یان....؟ كورد چییە؟ كێیە؟ چین؟ یانیش بۆ هەین!؟

ئەمانەو چەندینی تری لەمانە رۆژانە بەدوای سێبەرەكەمدان و لێم ناگەڕێن، من نازانم، لە خۆم دەپرسم تۆ بڵێی منیش وەك هەمووتان مرۆڤبم و پێكهاتبێتم لە ئێسقان و گۆشت و خوێن و هەست و نەست و وویژدان و شتی تریش، یان ئەگەر منیش وەك ئێوەم ئایا ئێوەش ئەم پرسیارانە بە مێشك و هەست و نەستتاندا دێت؟ ئەگەر دێن بۆچی كارەساتەكان وەك بڵێی داڕێژرابن، دووبارە دەبنەوە و هیچ لە مەسەلەكان ناگۆڕدرێن! لەوەی زۆر پەشیمانم كە من هەم، كەواتە بۆیە هەم دەبێ بۆ مەبەستێك بژیم، ئیتر هەریەكەو بە جۆرێ هۆی هەبوونی خۆی لێكدەداتەوە و كاریشی بۆ دەكات. من وا هەست دەكەم كە تائەمرۆكەش هۆی هەبوونی خۆم نازانم ئەگەریش بمزانیبایە! ئایا ئەم هەموو پرسە سەیر سەیر و تارادەیەكیش ناتەندروستانە چین؟! وا یەخەمیان گرتووە و لەناوەوە دەمكوڵێنێت، تۆ بڵێی كەسێك یان شتێك لەناو جەستەمدا نەبێت! یان تۆ بڵێی ئەو هەستە شاراوانە چین كەوا رۆژانە پاڵم پێوە دەنێن بەرەو تاوانی گەورە گەورە و هەندێ جاریش تاوان نین. تێناگەم كە مرۆڤەكان بۆچی هێندە سەركێشن!؟

ئەوەی زۆر سەرنج راكێشە مرۆڤەكان هەموویان یەك دەستكردن واتە لەیەك شێوە دروست كراون و هەمووشمان پێمان دەوترێت "مرۆڤ" كەچی شت هایەك دەبینیت كە مرۆڤەكان بەرامبەر مرۆڤەكان دەیكەن یان دەیكەین كە زۆر جار ئاژەڵەكانیش بەلایانەوە سەیرە و بەسەیرێكەوە سەیری یەكتری دەكەن و بەخۆیان دەڵێن:. ئەو جۆرە ئەخلاق و كردار و هەستانەی مرۆڤەكان كلتوور و ئەخلاق و یاسای ئێمەیە وا ئێستا مرۆڤەكان پەیرەوی دەكەن. لەوانەشە رۆژێك هێرش بێنە سەرمان بۆ بردنەوەی ئەخلاق و كردارەكانی خۆیان. ئەم جۆرە ئەگەرانە چاوەڕوان كراون، و لە نمونە هێنانەوەش بگرە بینینیشیان بێتاقەت بووین.

**ئایا ئێستا هەین؟ بۆ هەین؟ بۆ ئەو مەبەستەی هەین ئایا مەبەستەکەمان هێناوەتە خولْقاندن؟ یان نەخێر جارێ نازانین بۆ هەیین؟ یانیش ماومانە لە بوون و نەبوونی خۆمان دڵنیا بین؟!**